# نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆک جۆرج بوش

بەڕێز جۆرج بوش؛

ئێمە وەک سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان ( س. س. گ. ک. ) کە ڕێکخراوێکی کوردستانییە خەبات بۆ سەربەخۆیی سەرتاسەری کوردستان دەکات ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانییە؛ بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کەپێتان ڕابگەێنین ئەو بەرنامەیەی کەداتانڕشتووە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر دوورە لەئازادکردن و بەرپاکردنی دیموکراتی بۆ نەتەوەکانی ناوچەکە. ( بەپێی گوتارەکانتان و هەنگاوەکانتان، ئێمە نادڵنیا دەکات لەتێگەیشتنتان لە مێژوو، کولتور و سروشتی پێکهاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست). زۆرگرنگە تێبگەن کە نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەیە و خاوەنی فراوانترین ڕوبەری زەوییە لەو ناوچەیەدا. ئەمە کوردستانە، کەدابەش و داگیرکراوە لەلایەن چوار دەوڵەتی ( توکیا، ئیران، عێراق و سوریا)دا. بەردەوام نەتەوەی کورد خەباتی بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کردووە. ئەگەر پێویستتان بە زیاتر زانیاری هەیە بۆ تێگەیشتنی کێشەی کورد و مافەکانی ، ئێمە ئامادەین ئەو زانیارییانەتان پێشکەش بکەین

بەڕێز؛ ئێوە باس لە مافی پاراستنی ئازادی و ئاسایشی خۆتان دەکەن وەک ئەمەریکیەک و ئەو مافە دەپارێزن بەهەر نرخێک بێت . ئایا دەکرێت ئازادی و ئاسایشی نەتەوەی 50 میلیۆنی کورد پێشێل بکەن ؟ . بۆ یەکەم جار لەمێژووی نوێدا گەلی کورد لەخواروی کوردستان فرسەتی بەدیهێنانی ئامانجی سەدان ساڵەی بۆ ڕەخساوە، ئەم ئامانجە پیرۆزەی لەدەست دەچێت بەفشار خستنەسەری بۆ بەشداری کردن لەهەڵبژاردنی ئێراق، کە ڕازی دەکرێت بۆ دەنگدان بە هێزی سیاسی بەغداد .

ئێوە بە هۆی هێرشەکانی گروپە تێرۆریستی یەکانەوە لەماوەی دەساڵی ڕابوردو دا و بەتایبەت پاش 11 سێپتەمبەر، دەستان کرد بە داگیرکردنی چەند

وڵاتێک و تێکشکاندنی چەند ڕژێم و دەسەڵاتێک. هەرچەندە لەو کارانەتاندا سەرکەوتن بەسەر چەند کەس و گروپێکی فێندامێنتاڵی تێرۆریست؛ لەهەمان کاتدا بووە هۆی لەناوبردنی ژیانی هەزاران مرۆڤی بێتاوان و دورخستنەوەی چەندین دەوڵەتی دیموکراتی گرنگ لەجیهاندا لەخۆتان و دووپارچە بونی نەتەوەیەکگرتووەکان .!

ئەمڕۆ زۆر گرنگە لەبۆ داهاتوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوێ بگرن لەداخوازییەکانی نەتەوەی کورد و نەبنە هۆی پێشێلکردنی ئاسایش و ئازادیەکانی ، ئێمە بەستنەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە بەهەڵەیەکی گەورەی مێژوویی دەزانین و بە هەڕەشەیەکی ڕستەوخۆی دەبینین دژبە مافی گشت مرۆڤی کورد .

بەڕێز ؛ هەڵوێستی بەردەوامتان و سوربونتان لەسەر هەڵبژاردنی عێراق و لکاندنی باشوری کوردستان بەو عێراقەوە دووبارەکردنەوەی ئەو هەڵە گەورەیەیە کە لەساڵانی 1920 کرا، لەبەر چەند بەرژەوەندییەکی تەسکی کاتی .! ئەوە بووە کارەساتی دروستبونی کەسێکی وەک سەدام حوسێن و کیمیا بارانی شاری هەڵەبجە و ئەنفالکردنی زیاتر لە 200 هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد و خاپورکردنی هەزاران شارۆچکە و گوندی کوردستان.

ئێمە لە کوردستانێکی دیموکراتی سەربەخۆدا، ئامادەیی و هاوئاهەنگی خۆمان ڕادەگەێنین دژبە تێرۆریست و بۆ پاراستنی ئاسایش لە جیهاندا دەستبەکار دەبین.

دەستەی بەڕێوەبەری
سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان

2004 .01 .11